17. 11. 2005

## دیسان کارەسات لە ئۆردوگای ئەڵتاش ... عارف باوەجانی

خەڵکی پاش ماوەو بێ جێگاو پەنای ئۆردوگای ئەڵتاش کە لە پاش ڕوخانی ڕێژیمی عێراقی بە عسی یەوە چەندین کارەساتی دڵتەزێنی تێدا ڕویداوە، لەو ماوەدا زۆر بنەماڵە توانیان بگوازنەوە خاکی باشوری کوردستان و خۆیان لەم نەهامەتی یە نەجات بدەن، بۆ برێک لەو بنەماڵانەش ئاسان نەبوو کە بێنە کوردستان بە بێ جێگایەک، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆری چەند لایەن و کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر لە ڕێکەوتنێکدا لە گەڵ کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاریان دا کە خێوەتگایەک بۆ پەنابەرە پاش ماوەکانی ئۆردوگای ئە ڵتاش بکەنەوە بە ناوی خێوەتگای کاوە. تا ئیستا زیاتر لە 100 بنەماڵە لە خێوەتگای کاوەدا دەژین، هەروەها 110 بنەماڵەی دیکە لە ئەڵتاش ماون وسەرقاڵی گویازتنەوەن بەرەو ئۆردوگای کاوە،
بنەماڵە پاش ماوەکانی ئۆردوگای ئەڵتاش بە هۆی ئەو نا ئارامیە ی کەلە ناوچەکانی ڕۆمادیدا هەیە لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا ترۆریستەکاندا نەیان توانیوە تا ئیستا بگویازنەوە، چاوەڕوانی ئارام بوونەوەی ڕێگای نێوان بەغدا و ڕۆمادیان دەکرد، کە چی بە داخەوە لە ڕێکەوتی 16. 11. 2005 لە تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکدا لە نێوان ڕێگای ڕۆمادی بۆ ئۆردوگای ئەڵتاش، کوردێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی دەبیر تایشەیی گیانی لە دەست دەدات و چەند کەسی دیگە بریندار دەبن، یەکێک لە برینداەکان کوڕی کاک دەبیرە، بە گۆێرەی هەواڵی گەیشتوو برینەکەی زۆر جێگای مەترسی یە.
زۆر بە داخەوە وا کوردێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆربەغەریب بوو، هەروەها نا ئارامی و نەبوونی یاسایەک لە ناوچە کانی ڕۆمادی جێگای مەترسی زیاترە بۆ پەنابەرانی پاش ماوەی ئەڵتاش.
ئێمە وەک کۆمیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: وێرای سوپاس و ڕێزمان بۆ هە ڵویستی کوردانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر، هەمان کات داواکارین کە هەر چیان لە دەست دێت بۆ گوازتنەوەی پاش ماوەی بنەماڵەکانی ئۆردوگای ئەڵتاش دڕێغی نەکەن، هەروەها داواکارین کە ژیانی دانیشتووانی خێوەتگای کاوە باش بکەن، وا وەرزی سەرمای زستان و بەفرو باران دەستی پێ کردوە، ژیانی ژێرخێوەتیش پێویستی بە سووتەمەنی و خواردەمەنی هەیە.
شایانی باسە کە ئۆردوگایەکی دیکەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی باریکە ی عەربەت لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی سلێمانیدایە، کەژمارەیان 250 بەنەماڵە دەبێت و هەروەها سەدان بنەماڵەی دیکەش لە ناوچەکانی گەرمیان و شارەزوورلە شارو شاروچەکاندان وچاوەڕوانی دروست کرندی خانوو دەکەن، کە لە لایەن حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوی قەندیلی سویدییەوە بۆیان دروست دەکرێ.

کۆمیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
عارف باوەجانی.
altash_refugee@yahoo. Com


عەرەبە شۆڤینیەکان
kawa